# پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك لەنێوان ساڵانی 1957-1977

د.جەزا تۆفیق تالیب*

گۆڕانکاری لەپێکهاتەی پارێزگای نەتەوەیی کەرکوکدا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێـــژراو جێبەجێ کـراوەو بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووەو هەر قۆناغێکیش مۆرکی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ نمونە: پرۆسەی بەعەرەبکردن لەسەردەمی پاشایەتیدا زۆر جیاوازتربووە لەسەردەمی کۆماری، بەو پێیەی سەردەمی کۆماری بەکارهێنانی زەبـروزەنـگ و هەڵمەتی بەعەرەبکردن زیاتر بووەو ڕاستەوخۆو بێ پەردە ڕژێمە کۆمارییەکان لەهەوڵی ئەوەدابوون پارێزگای کەرکوك بەجارێك لەسیما کوردییەکەی بسڕنەوەو بیکەنە پارێزگایەکی عەرەبنشین، لەم پێناوەشدا چەندین ئامرازی جیاوازیان بەکارهێناوە، لەنمونەی هێنانی عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ڕاگواستنی هاوڵاتیانی کـــوردی پـــارێــزگـــای کـــەرکـــوك بـــەرەو پارێزگاکانی دیکەی عێراق، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەپارێزگای کەرکوکدا، لەمانەش ترسناکتر پچڕاندنی ئـــەو یـــەکـــە کـــارگـێـــڕیـــیـــە زۆریـــنـــە کوردنشینانەبوو لەپارێزگای کەرکوك و لکاندنی بوو بەپارێزگاکانی سلێمانی و هـــەولـــێـــرو دیـــالـــەو ســـەلاحـــەدیـــنـــەوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی نەتەوەی کورد لەپارێزگای کەرکوکدا، بۆیە شتێکی نـــامـــۆ نـــیـــە کـــە لـــەســـاڵـــی ١٩٥٧ەوە بەبەردەوامی ڕێژەی کورد لەپارێزگای کەرکوکدا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆشتووە و بەغدادیش درێغی نەکردووە لەگرتنەبەری گشت ئامرازەکان تاوەکو لەکەرکوکدا نەتەوەی کورد ببێتە کەمینە.

بۆ نمونە، بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ دا پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگای کەرکوك بەگوێرەی زمانی دایك بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی ئەکرێت

خشتەی ژمـــارە (١) پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك بەگوێرەی زمانی دایك ١٩٥٧ (١)

| ژ | زمانی دایك | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| ١ | کوردی | ٤٨,٣٪ |
| ٢ | تورکمانی | ٢١,٤٪ |
| ٣ | عەرەبی | ٢٨,٢٪ |
| ٤ | هی تر | ٢,١٪ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠٪ |

دابـەزیـنـی زیـاتـری ڕێـــژەی کـورد لەسەرژمێیکردنی ساڵی ١٩٦٥دا بۆ ٣٦,١٪ سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکە کە تیایدا ڕێژەی عەرەب لە ٢٨,٢٪ وە بەرز ئەبێتەوە بۆ ٣٩٪ ، هەروەها ڕێژەی تورکمانیش لە ٢١,٤٪وە دائەبەزێت بۆ ١٩,٥٪ بەمەش ئەو ڕاستیە بەدەرئەکەوێت کە پرۆسەی بەعەرەبکردن لەزیادبووندایەو لـەبـەرامـبـەریـشـدا کـــوردو تـورکـمـان کەمئەکەن، بـەغـداش بـە بـەردەوامـی تواناکانی خۆی ئەخاتەگەڕ بۆ سەرکەوتنی ئامانجە شۆڤینیەکەی.

**خشتەی ژمارە (٢) پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك لەساڵی ١٩٦٥دا (٢)**

| ژ | نەتەوە | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| ١ | کورد | ٣٦,١٪ |
| ٢ | تورکمان | ١٩,٥٪ |
| ٣ | عەرەب | ٣٩٪ |
| ٤ | هی تر | ٠٥,٤٪ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠٪ |



لەسەرژمێریکردنی ساڵی ١٩٧٧یشدا تێبینی ئەوە ئەکرێت کە نەتەوەی عەرەب لەپارێزگای کەرکوکدا تا دێت زیاتر ئەبێت، لەسەر حسابی کەمبوونەوەی رێژەی نەتەوەکانی دیکە، بۆ نمونە رێژەی عەرەب لە ٣٩٪ لەساڵی ١٩٧٧دا، سەیری خشتەی ژمارە (٣) بکە.

**خشتەی ژمارە (٣) پێکهاتەی نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکوکدا لەساڵی ١٩٧٧دا (٣)**

| ژ | نەتەوە | رێژە ٪ |
|---|---|---|
| ١ | کورد | ٪٣٧,٦ |
| ٢ | تورکمان | ٪١٦,٣ |
| ٣ | عەرەب | ٪٤٤,٤ |
| ٤ | هی تر | ٪٠١,٧ |
| | کۆی گشتی | ٪١٠٠ |

لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەبێت لەپارێزگای کەرکوکدا هەر ئەبێت رێژەی نەتەوەی عەرەب زیاد بکات و نەتەوەکانی دیکە بە بەردەوامی رێژەیان بەرەو کەمبوونەوە بچێت؟ وەڵامی پرسیارەکە ئاشکراو روونە بەوەی کە پرۆسەی بەعەرەبکردن لەپارێزگای کەرکوکدا بەردەوامەو رێژەکانیش ئەم راستیە بەدەردەخەن، بۆ نمونە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٦٥دا رێژەی زیادبوونی ساڵانە لای عەرەبی پارێزگای کەرکوك گەیشتۆتە ٪٠٨,٥ لەکاتێکدا نەتەوەکانی دیکە کەمیان کردووە، بۆ نمونە لەهەمان خشتەی ژمارە (٤) زیادبوونی ساڵانەی نەتەوەکانی پارێزگای کەرکوك ١٩٥٧ – ١٩٧٧ (٤)

| ژ | نەتەوە | ١٩٥٧ ١٩٦٥ | ١٩٦٥ ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| ١ | کورد | ١,١ | ٠,٧ |
| ٢ | تورکمان | ١,٤ | ١,١ |
| ٣ | عەرەب | ٨,٥ | ١,٦ |

ماوەدا زیادبوونی ساڵانەی کورد بەرێژەی ١,١ کەم ئەکات و تورکمان بەرێژەی ١,٤ زیاد ئەکات، بەڵام لەماوەی ١٩٦٥ – ١٩٧٧ دا رێژەی زیادبوونی ساڵانەی عەرەب هەر بەردەوامەو لەبەرامبەریشدا رێژەی تورکمان ساڵانە ١,١ کەمیکردووەو کوردیش ساڵانە بەرێژەیەکی کەم کە ٠,٧ زیادیکردووە، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا ئەکات کە پرۆسەی بەعەرەبکردن بەردەوامە و حکومەتی بەغداش هەموو میکانیزمەکانی کاری خستۆتەگەڕ لەپێناو سڕینەوەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی نەتەوەی کورد لەپارێزگای کەرکوکدا، بۆیە رەهەندەکانی ئەو رەفتارە شۆڤێنیانە ئێستا بەپارێزگای کەرکوکەوە بەدەرئەکەوێت و شۆڤێنیستان دژی ئەوەن کە هاووڵاتیە دەربەدەرەکانی کەرکوك لەکورد و تورکمان بگەڕێنەوەو لەبەرامبەریشدا کار ئەکەن لەپێناو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ئەوەی عەرەبە هاوردەکان نەگەڕێنێرنەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق.

**سەرچاوەکان:**


**١-وزاره الداخليه، مديريه النفوس العامه، المجموعه الاحصائيه- تسجيل عام ١٩٥٧، الجدول السادس عشره.**

**٢-د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، رۆڵی رەهەندی نەتەوەیی لە گۆڕینی سنوری کارگێڕی پارێزگای کەرکوکدا، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە د. جەزا توفیق تاڵیب، ٢٠٠٥، ل٣٢.**

**٣-فيصل الدباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا، هەولێر، ١٩٩٣، ل٣١.**

**٤- د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.**


